# افغانستان آزاد – آزاد افغانستان

**AA-AA**

چو کشور نباشد تن من مبـــــاد بدین بوم و بر زنده یک تن مــــباد
همه سر به سر تن به کشتن دهیم از آن به که کشور به دشمن دهیم

www.afgazad.com afgazad@gmail.com

| جانبازان | Martyrs |
| --- | --- |



چریکهای فدائی خلق ایران

۲۱ اپریل ۲۰۲۰

**اعدام مصطفی سلیمی ، جنایت دیگری از جمهوری اسلامی**

**به زبان کردی**

## ئێعدامی مستەفا سەلیمی، جەنایەتێکی تر لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە

کۆماری خوین مژی و و ئەشکەنجەگەری ئیسلامی، لە کردەوەیەکی تاوانبارنەدا، سەر لە بەیانی ڕۆژی ۲۳ فەروەردین (۱۳۹۹) زیندانی سیاسی، مستەفای سەلیمی لە زیندانی سەقەز ئێعدام کرد. مستەفای سەلیمی، زیندانێکی سیاسی بوو کە ۱۷ ساڵ پێش بە بیانوی پەیوەندی لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەگیریەت. بە درێژای یەم ساڵانە لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاری کۆماری ئیسلامیدا بووە. مستەفا یەکێکە لەو زیندانیانە بوو کە بە کۆمەڵ لە ۸ خاکەلێوە لە زیندانی سەقز هەڵهاتن. کاربە دەستانی ڕەژیمی خۆێن و سێدارە، بە هەموو توانایەکەوە تێدەکۆشان کە ئەم زیندانیانە دوبارە دەستگیر کەنو بە داویاندا بوون. مستەفا بۆ ڕزگار کردنی خۆی پەنای بردە بەر "هەریمی کوردستان" و لە سنوری پێنجوین هیزی ئاسایشی هەرێم کوردستان دەیگرن. هێزی ئاسایشی کوردستان کە ئاسایشی لە خەڵک ئەستاندوە، لە ژێر چاودێری یەکیەتی نیشتمانیدا مستەفا ڕادەستی کومەماری پەت و سێدارەی ئیسلامی دکاتوە. هەڵاتنی بە کومەڵی زندانیەکانی زیندانی سەقز مشتێک بوو بو نا زاری خوێناوی کوماری ئیسلامی و هەروەها شکۆ و کەرامەتیان کۆماری ئسیلامی بە تەواوی تێشکاند. هەر لە بەر ئەمە بەرپرسانی جەنایەتکاری حکومەتی ئێران بۆ تۆڵە کردنەوە بەپەلە مستەفای سەلیمان ئێعدام کرد.

ئێعدامی مستەفا سەلیمی وەک زیندانێکی سیاسی، تەنیا بۆ ترساندنو خۆ نواندن لە بەرابەر زیندانیەکانەوەتر بە پەلە ئەنجام درا. ئەم کارە ساتە ڕوخساری ڕەشی ئەشکەنجەگەرانو دەزگای هێزی دادگەری خۆێن ڕێژەکەی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا کرد. هەر وەها ڕوخساری بەرپەرستانی حکومەتی هەریمی کوردستانی لە بیروڕای گشتی و ویژدانە بەخەبەرەکان پیشاندا. بەرپرسانێک کە بە پێشیل کردنی هەمە لایەنەی مافی و یاساکانی نیو دەوڵەتی سەبارەت بە پەنابەر، ئەم زیندانیە سیاسیەیان دەس بە سەر و رادەستی کۆماری ئیسلامی کرد. ئەم کردەوە نا شیرینە هەروەها

هێرشێک بوو بۆ سەر ئەو ناسیونالیستانیە کە بە درێژای چەن ساڵ لە هەر هەل و مەرجێک بە بێ لێکۆلینەوە لە گەوهەری پەیوەندی چینایەتی سەرانی هەرێمی کوردستان و تەنیا بە بیانوی کورد بوونیان، هوڕایان بۆ ئەکێشن و چەپڵەیان بۆ لێ ئەدەنو جەنایەتەکانیان چاوپۆشی ئەکەن.
هاوکاری کردن لە گەڵ ڕژیمی سێدارە و ئەشکنجەی کۆماری ئیسلامی و تەحویڵ دانەوەی زیندانێکی سیاسی کە دوای ١٧ ساڵ ئەتوانێت هەڵ بێت و ناردنی ئەسیرێك بو چنگی مەرگ، تاوانێکی گەورە و نا ڕاوا و ئاشکرایە، کە کمتر لە ئێعدامی ئەو زیندانیە بە دەستی کاربەدەستانی گەمەژە و گڵاوی کۆماری ئیسلامی نیە.
چریکەە فەدایەکانی خەڵکی ئێران، نارەزایەتی و مەحکوم کرندی ئێعدامی وەحشیانەی مستەفای سەلیمی و تەحویل دانەوەی ناپیاوانەی لە لایەن هرێمی کوردستانەوە بە دیکتاتوری حاکم بەم بۆنەوە دەر ئەبرێت. ئەم جەنایەتە ئەمڕۆ یا سەبەی وەک کردەوە خۆێناوەیەکانی پێشتری کوماری ئیسلامی بە پرسەندنی تێکۆشان و خەباتی خەڵکی ئەستەم لێکراوی ئێمە، بە ڕوخاندنو بەزاندنی کۆماری ئیسلامی وەڵام ئەدرێتەوە و بی جواو نامێنێت. لەوە کاتەدا تەپڵی بێ ئابرویی و ڕسوا کردنی هەموو هاوکارانی گەورەو بچوکی ڕەژیمی پەت و سێداری لێ ئەدرێت.

**مەرگ و نەمان بۆ کۆماری خوێن مژی ئیسلامی**

**ڕسوایی و ڕوو ڕەشی بۆ چڵکاو خوران و هاودەستانی کۆماری ئیسلامی لە هرێمی کوردستان**

**زیندانی سیاسی ئەبێت ئازاد بکرێت. کوماری ئسلامی ئەبێ نابود بکرێت.**

چریکە فدایەکانی خەلکی ئێران

٢٥ خاکەلێوەی ١٣٩٩ بەرابرەر بە ١٣ ئاپریل ٢٠٢٠